

# هەڵەبجە

## پەندێک بۆ ڕابردوو و ئەزموونێک بۆ داهاتوو

**نعوم چۆمسکی:**

له کاتی ڕوودانی کارەساتی هەڵەبجەدا زانیاریی تەواو هەبوو لە مەڕ قورسیی تاوانەکە، بەڵام بایەخی پێنەدرا، پاش ئەو خۆنیشاندانە دڵسۆزانەیە و ئەو خەمخۆرییەی بۆ هەڵەبجە کە باس دەکرێت لێرە(واتە ئەمەریکا) بەڵام ئایا تا چەند توانیویانە یارمەتی پزیشکی پێشکەش بە قوربانیانی ئەو کارەساتە بکەن؟

ئا/نامــیق هەورامی
namqhawramy@yahoo.com

له هەژدەیەمین ساڵوەگەری کیمیابارانی شاری هەڵەبجەدا، ئەو شارەی بوبە هێمیایەک بۆ مەزڵومیەتی گەلێک و پێوەرێک بۆ دیکتاتۆرییەتی ڕژێمی لەناوچوو، شارێک بوبە بەشێک لە یادەوەریی مرۆڤایەتی لە جیهاندا و لە ناوخۆشداو لە خودی شارەکەدا تا ئێستاش ئاسەواری وێرانی لە ئاوەدانکردنەوە زیاتر بەرچاوە.

قسەکردن لەکارەساتی هەڵەبجە بەتەنیا دیوی مەزڵومیەتی کورد نیشان نادات، مانایەکی تری ئەودیوی ئەم کارەساتە، دەکرێت لە دوورەوەوە تەماشا بکرێت، بەدیوی یەکەمدا ئەم تاوانە درێژەدانی ئەو تۆڵەسەندنەوە و هەوڵی سڕینەوەیەی بەرامبەرە، کە بە درێژایی مێژوو عەرەب لەبەرامبەر نەیارەکانیدا پەیڕەوی کردووە، بەو پێیەی حزبی بەعس و سەدام هەڵگر و پارێزەری گوتاری ناسیونالستی شۆڤێنیی عەرەبن بۆیە بەم کارە هەستان، لە دیوەکەی تریەوە دەکرێت بە دەرلەوە و لەوەش مەزنتر تەماشا بکرێت کە ئەویش تەحەدا کردنی ئەم ڕەوتە شۆڤێنییە بوو بۆ جیهان و زلهێزەکان و ویستی لە ڕێگەی کۆدوشفرەکانی ئەم تاوانەوە بەوان بڵێت ئێستاش عەرەب دەتوانێت ڕووبەڕووی نەیارانی ببێتەوە و تەحەدای تەواوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بکات.

ترسناکیی ئەم کارەساتەش لە دوو ڕووی گرنگەوە خۆی بنییەوە دیوی یەکەمی ئەوە بوو لەوساتەوەختە دژوارانەدا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و زلهێزەکانی جیهان نەک بێدەنگیان نواند بگرە تاوانەکەشیان پەردەپۆش کرد.

بەدیوی دووەمدا کارەساتە کە نەک تەنیا دژی مرۆڤەکان بوو لەو جێگایانەدا بگرە جینۆسایدە لە دژی ژیان بە هەموو ڕووەکانییەوە ئەنجامدرا، مرۆڤ و گیانلەبەر و جانەوەر و دارودەرخت و سەرچاوەکانی ئاو پێکەوە ژەهراوی بوون و مردن، لەوەش ترسناکتر بەردەوامیی ئەو ژەهراوی بونە ڕەنگدانەوە لەسەر نەوەکانی داهاتوو هەیە.


دکتۆر حەمە نەجمەجاف

ئاکام درێژخایەنەکانی ئەم گازە بەسەر دانیشتوانەوە بریتییە لە شێرپەنجەی قوڵۆن و هەوکردنی سیەکان و نەزۆکی و لەبارچوونی منداڵان.

کریستین گۆسدن یەکێکە لەو دکتۆرانەی سەردانی هەڵەبجەی کردوە و بەپێی ئەو ئامارەی کە لەبواری پراکتیکیدا دەستی ئەو خانمە کەوتووە دەڵێت: ڕێژەی توشبوون بەهەر حاڵەتێکی نەخۆشی لە هەڵەبجەدا ٣تا٤بەرامبەر هەمان حاڵەتە لە شارەکانی تردا.

لە ڕاپۆرتێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاشدا هاتووە کە ئەو گازە کیمیاییەی لە هەڵەبجە بەکارهاتووە کاریگەریی لەسەر چاوو کۆئەندامی هەناسەدان هەیە و دەبێتە هۆی هەوکردنی سیپەکان و دەمارەکانی خوێن.

**دکتۆر حەمە نەجم جاف کە ساڵانێکە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئەوانەی بەم گازانە بریندار بوون لەو بارەیەوە دەڵێت:** کارەساتی هەڵەبجە لەوەدا مەترسیدارە کە ڕژێم بە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بە جەسارەتەوە ئەم چەکەی بەکارهێناوە، لە ڕووی تەندروستییەوە کاریگەری



گەورەی هەیە، ئەو غازانەی لە دژی شاری هەڵەبجە بەکارهاتوون (نایترۆجین و سیانید و سارین)ن، ئەمانە هەریەکەو کاریگەریی خۆی هەیە، چەند حاڵەتێکی بەرکەوتوانی ئەو چەکەمان دیون فحولتمان بۆکردون، کەسی بەرکەوتوو هەندێکیان کوێردەبن و ئەم کوێربوونەش یان کاتییە یان بەردەوام دەبێت و خانەکانی تۆڕی چاوی کەسی بەرکەوتوو دەستوێنێ و توانای بینینی نامێنێ بەیەکجاری: سووتانی پێست یەکێکی ترە لەو حاڵەتانە، کەسی بەرکەوتوو لەشی سورهەڵدەگەڕێت ئەم غازە کار لە پێستی ناوەوەش دەکات لەوانەش پێستی و قورگ و ناو دەمارەکان و سییەکانی هەو دەکات و تووشی ئیلتیهاباتی توند دەبێت، بەتایبەتی لە نێو منداڵانی ساوادا ئەمە زیاتر دیاری دەدات و زۆرترین حاڵەتیان گیانیان لەدەست داوە.

ئەمانە کاریگەری ڕاستەوخۆن.

## کاریگەریی بۆ ماوەیی و درێژخایەن

هەرچی کاریگەرییە دوورەکانی بەرکەوتنی ئەم گازانەیە بریتییە لە کرژبوونەوەی سییەکان و تووشی هەناسەتوندی دەبن و چەندین حاڵەتمان لە ١٦تا ١٧ساڵی پاش ڕووداوەکە دیوە و هەندێکیان داخلی نەخۆشخانە کران بەڵام لەبەر خەستی کاریگەرییەکە گیانیان لەدەست داو مردن ئەم توشبوانە زیاتر لە زستاندا یان لە ناو تەپ و تۆزدا حاڵەتەکانیان لێدەردەکەوێت و ئەگەر کەسی توشبوو بەزوییش نەمرێت بێگومان بە ئازارەوە دەناڵێنێت.

کاریگەرییەکی تری درێژخایەنی ئەم چەکە لەسەر مێشکە و کەسی تووشبو لە ئەنجامی کاریگەری ئەم چەکە لەسەر مێشکی تووشی ئیفلیج بوون دەبێت.

کاریگەرییەکانی ئەم گازانە لەسەر پێست لەسێ حاڵەتدا دیارە.

١- سوتاندنی پێست و چرچ بوونی
٢- گۆڕانی ڕەنگی پێست
٣- بوونی خورشت و خورانی بەردەوام لە پێستدا.

**کریستین گۆسدن: ڕێژەی تووشبوون بە هەر نەخۆشییەک لە هەڵەبجەدا ٣ تا ٤ بەرامبەری هەمان حاڵەتە لە شارەکانی تردا**

# وێنەی هەڵەبجە هیچ سوودێک نە بەزیندووەکانی و نە بە مردووەکانی ناگەیەنین، پێویستە بێڕەحمانە ئەو پیاوە نەخۆشە بەرەو زووری نەشتەرگەری بەرین، بەرلەوەی بمرێت ڕزگاری بکەین

## کاریگەری لەسەر ئافرەتان

ئەم چەکە بەڕادەیەکی زۆر کاری لە ئافرەتان کردوە، بە گوێرەی ئامارەکان و ئەو پشکنینانەی بۆ هەندێک لەو ژنانە کراوە کە ئەم غازانەیان بەرکەوتووە بریتییە لە:

١- نەزۆکی/ ئەو کیمیاییە کاریگەریی لەسەر هێلکەدانی ژنان هەیە و توانای بەرهەمهێنانی منداڵیان نابێت.

٢-لەبارچوون/ هەندێکی تر لەو ئافرەتانەی کە بەر ئەم کیمیاییە کەوتوون منداڵەکانیان بە ناکاملّی لەبار دەچێت.

٣- منداڵی کەم ئەندام/ هەندێکی تر لەو ئافرەتانە بە زگماکی منداڵی کەم ئەندامیان دەبێت لەوانەش ئەو منداڵانە دڵیان کونە یان ئەندامێکی لەشیان زیادە یا کە مە یا ڕەنگی پێستی تەواو نییە و هەیانە لێوولوت و مەلاژووی تەواونییە

## کاریگەرییە درێژخایەنەکانی بەردەوامن

کاریگەرییە درێژخایەنەکانی ئەم چەکانە تا ئێستاش ئەوەی زانراوە بەردەوامن و چەندین جار داوای لێکۆڵینەوەی زانستیمان کردووە لەم بارەیەوە بەڵام مەسەلەکە پشتگوێ خراوە، چەندین جار داوامان کردووە نموونەی خۆڵی ناوچە بەرکەوتوەکان بەم چەکانە ببرێتە دەرەوە بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە بەڵام نەکراوە و خودی خەڵکەکە بوونەتە کەرەسەی تاقیکردنەوە لە جێگەکانی خۆیاندا و پەیتا پەیتا نەخۆشی سەریان لێ هەڵدەدات و دەمرن

## لە ڕووی ژینگەوە

دیارە وێڕای کاریگەریە جەستەیی و دەروونییەکانی ئەو ڕووداوە لەسەر خەڵکی، کاریگەرییەکی ترسناکی تری هەیە ئەویش لەسەر ژینگە و خاکی ئەوشارەیە، مەبەست لەو کارەش مردنی شانە زیندوەکانی ژیان بوو لە هەڵەبجەدا.

**دکتۆر ئەنوەر ئەحمەد پسپۆڕی ژینگە لەم بارەیەوە**





**دەڵێت:** خانە زیندووەکانی قوربانییەکانییەتی، گەشتن بە کرۆکی مادە زیندوەکان کە بە(ترشی نەوەوی)ناسراوە کە پارێزگاری زیندویەتی خانەکانی مرۆڤ دەکات.

پیسبوونی ژینگە یەکێک لەو ترسە گەورانەی پاشماوەی ئەو چەکانەیە کە دەکرێت هەڵەبجە بە نموونە باس بکرێت و پێویستە دیراسەیەکی زانستی خاکی ئەوشارە بکرێت بۆ ئەوەی لە ترسەکان ئاگادار بین و بتوانرێت چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

## ئەرکی حکوومەتی عێراق

ئەگەرچی لە ڕابردوودا زۆرمان داواکرد بە هانای ئەو داوایەمانەوە نەهاتن بەڵام ئەمڕۆ ئەرکی حکوومەتی عێراقە هەوڵی جدی بدات بۆ ئەوەی شیکردنەوەی زانستی لەسەر خاکی ئەو شوێنانە بکرێت بۆ ئاگاداربوونی زیاتر لە مەترسییەکانی ئەم بۆ ماوەییە.

## وانەکانی ڕابردوو

ئەو کپ و بێدەنگییەی لە بەرامبەر ئەم کارەساتەداکرا بەڕادەیەک ئەوەندەی تر ئازاری ویژدانی مرۆڤایەتییدا، لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چەند دەنگێکی زۆر کەم نەبن بە(چرپە) باسی ئەو ڕووداوەیان کرد لەوە زیاتر هیچ نەگوترا، پارساڵ و لە حەڤدەیەمین ساڵوەگەری ئەو یادەدا کۆڵن پاوڵ سەردانی شاری هەڵەبجەی کرد و بەناوی حکوومەتی ئەمەریکییەوە داوای لێبووردنی لەگەڵ کورد کرد و ڕایگەیاند ڕێگە بە دووبارە بوونەوەی کارەساتی لەم جۆرە نادەن، بەڵام هەڵەبجەییەکان دەزانن کە ئەمەریکا و ئەڵمانیا بۆ نموونە نەک بێدەنگ بوون لەو کاتەدا، بگرە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەگەر هاوکاریش نەبوبن بەڵام بێدەنگی نیشانەی ڕازیبونە هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا بە تەنیا لە ئەڵمانیادا ٨٢ کۆمپانیا و لە ئەمەریکادا ١٤کۆمپانیا و بەریتانیا١٧و نەمسا و بەلجیکا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و سویسرا و ئەرژەنتین و ئیسپانیا و بەرازیل و میسر و یۆنان و هیند و یابان و پۆڵەنداو سویدیش کۆمپانیاکانیان هاوکاریی ڕژێمی سەدامیان کردوە لە بەرهەمهێنانی ئەو چەکە کۆکوژەدا.

لە سەرئاستی عەرەبییش لەوکاتەدا دەوڵەتانی کەنداو پشتیوانییان لەسەدام حوسەین دەکرد بەو پێیەی کە ناویان نابوو پاسەوان وپارێزەری دەروازەی ڕۆژهەڵات دژی ئێران، لەوەش سەیرتر بە درێژای مێژوو گەلی کورد قوربانیی بۆ فەلەستین داوە و ئەدەبیاتی کوردی پڕە لە نووسینی جۆراوجۆر لەسەر کارەسات و شۆڕشەکانی فەلەستین کەچی سەرۆکی کۆچکردووی فەلەستین لەپاش ئەو ڕووداوە لە وتارێکی حەماسیدا بە دیکتاتۆری بەغدای دەگوت(سیف العرب) واتە شمشێری عەرەب..

لەڕاستیدا سەدام شمشێری عەرەب بوو بۆ سەربڕینی کورد و ئەو گەلانەی تری غەیرە عەرەب لە ناوچەکەدا دەژین هەروەک چۆن ئێستاش لە دژی قیبتییەکانی میسری و ئەمازیغەکانی جەزائیر و هەرێمی دارفۆر دەکرێت لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک ناو بە درەوشاوەیی لە نەستی کورددا مانەوە و پێشەنگی ئەمانەش نووسەری گەورە هادی عەلەوییە کە حاشای لە ناسنامەی خۆی کرد و پاکانەی بۆ منداڵانی کوردستان نووسی.

**هۆ مناڵە کوردە بەغاز سووتاوەکە لە گوندە بچکۆلانەکەتدا، لەسەر پێخەفی نووستندا، یان لە گۆڕەپانی یاریکردنیدا، ئەوە پاکانەی منە بۆ خوێنی تۆ پێشکەشی دەکەم، بەڵێنم پێتداوە، هەرگیز ئەم شکۆدارییە خەیاڵیانە نەنۆشم، شکۆداری سوپای چاخی بەردین، هەست بە شەرمەزاری دەکەم، لە نێو خەڵکدا خۆم بەسەر شۆڕ دەزانم، چونکە من خاوەن هەمان پێناسەم کە ئەو فڕۆکەوانە کیمیابارانی کردی، تا پاکانەیەکی ڕاستەقینە بۆ خوێنی پاکی بە ناهەق ڕژاوت بکەم، من بە ئازارم، لە تاریکی شەوێکی درێژ پڕ بە گەروو چاوانم بۆت گریام، لە سەردەمێکدا مرۆڤی گورگ حوکمڕانن، چیم لە دەست نایەت لە گریان زیاتر.**

لەم چەند ساڵەی ڕابردووشدا یەکێک لەسەرۆکەکانی فەلەستین گوتی: لەبەرامبەر گەلی کورددا هەڵەمان کرد لە کاتی ڕودانی کارەساتی هەڵەبجەدا.

بەم پێیە دەکرێت هەڵەبجە وەک پێوەرێک تەماشا بکرێت بۆ پێوانی هەستی مرۆڤانە و هەڵوێستی مرۆڤایەتی لەمەڕ ئەم کارەساتە.

لە نێو نوسەر و ڕۆشنبیرانی عەرەبدا بەم دواییانە چەندین گروپ و گردبوونەوەی جیاجیا پەیدابوون بۆ پشتیوانی و سەرخستنی دۆزی کورد، گردبوونەوەی عەرەب بۆ سەرخستنی دۆزی کورد کە لە ئەڵمانیایە لە یادی کارەساتی هەڵەبجەدا ٢٠٠٦/٣/١٢لە شاری بەرلین بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە، لە بەشێکی بەیاننامەکەدا هاتووە: لەم ڕۆژانەدا یادی ئەو کارەساتە پڕئازار و خەماویەیە کە ڕژێمی لە ناوچووی بەعسی سەدامی لە ساڵی١٩٨٨ قەسابخانەیەکیان خولقاند، ئەم تاوانە درێژەدەری ئەو تاوانانەی تر بوون کە دژی گەلی کورد و گەلانی تر پەیڕەو دەکرا بۆ لێدان و لەناوبردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بۆ گەیشتن بە مافی خۆیان.

بێسەروشوێن کردنی١٨٢هەزار مرۆڤ و کوشتنی زیاتر لە ٥هەزار مرۆڤی تر لە هەڵبجەدا لە ژن و پیاو و منداڵ کە هەموویان خەڵکی سڤیل بوون، سەرباری وێرانکرنی و ژەهراوی کردنی شار وگوندەکانی کورستان بۆ ئەوەی ژیانی تێدا نەمێنێت، لەو کاتەدا ویژدانی ڕای گشتیی عەرەب و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان بە سادەیی ئەم کارەساتەیان وەرگرت، هەرچەندە ترسناکی و ئاکام و قوربانییەکانیشیان دەزانی.

## شارێک بۆ دروشم و دەرونێک لە پەستی

بە درێژایی ١٨ ساڵ تەنیا دروشمەکانن توانیویانە زۆر جار لەسەروی ئاستی خواستەکانی هەڵەبجەوە بن، هەڵەبجە شاری شەهیدانە، لانکەی مێژووە، دڵی دنیای هەژاند، ناسنامەی کوردە، هەموو کالآیەکی جوان لایەق بە باڵای هەڵەبجەیە،... هتد ئەمانە و هەزاران دروشمی تر بۆ شارێک کە ئێستاش وێرانەی لە ئاوەدانی زیاترە ئەو قسانەن کە وردەوردە گومان و پەستییان لەلای خەڵکی شار دروستی کردووە کە هەموو ئەو پرۆژانەی لە ئایندەدا دەکرێن بریتین لە پرۆژەیەک لە دروشم، ناکرێت بە خاوەنی ١٢شەهید بڵێیت هەموو کالآیەکی جوان لایەق بەباڵای هەڵەبجەیە و ئەوی خاوەن ئەوەندە شەهید لە کەلاوەدا بژیێت، چی بە



کەسێک دەڵێیت لە بارەی لانکەی مێژووبوونی ئەو شارەوە کە ئەو لە حەسرەتی نەخۆشی منداڵ و لە ترسی مردنی هەر ساتێکیدا مێژووی خۆی و تەنانەت کەسایەتیی خۆشی لەدەست دابێت، چۆن باسی تاجی سەروەری و نەمریی شەهیدانی بۆ دەکەیت تا ئێستا ئەو قوربانییانەی لەو شارەدا تیاچوون لە هیچ لیستێکی شەهیداندا ناویان نییە و ئەوەی لەملاولەولاوە پێیان دەدرێت(کە ٥ ٪یان دەگرێتەوە لە نێوەی خێروبێردایە و خۆی لە خۆیدا ئەم هاوکارییەشکاندنی کەسایەتیی ئەوەی وەرگرە و فاکتەری کاڵبوونەوەیەتی لە ماناکانی سەروەری و شەهید لە کاتێکدا بەناوی شەهیدەوە زۆر شەهیدکوژ نووسراون.

ئەم هۆکارانە وایانکردووە کەسایەتی هەڵەبجەیی هەست بە نامۆبوون لە ئینتیما و تەنانەت لەخودی خۆشی بکات، ڕەنگە زۆر مەسەلەی تر هەبن قسەیان لەسەر بکەین، بەڵام چارەسەر لەهەمووی گرنگترە لێرەدا قسەی مامۆستایەکی زانکۆ بەنموونە و بە چارەسەر دەهێنمەوە ئەکرەم عەنەبی مامۆستای زانکۆیە و خەڵکی ئەو شارەیە لە ئاکامی لێکۆڵینەوەیەکی درێژخایەندا بە زۆر ئاکام گەیشتووە کە گرنگترینیان هەوڵدانە بۆ چارەسەری ئەم گرەفتە و گێڕانەوەی متمانەیە بە خودی خۆت و تۆی خاوەن کارەسات، عەنەبی دەڵێت: کوشتنی ئەم عەقڵییەتە هەوڵێکی جدی دەوێت، هەوڵێک کە سەرەتا پەنجە لەسەر برینە قوڵەکان و



ئیدوارد سەعید

**لە ئاکامە درێژخایەنەکانی ئەم گازە بەسەر دانیشتووانەوە بریتییە لە شێرپەنجەی کۆلۆن و هەوکردنی سییەکان و نەزۆکی و لەبارچوونی منداڵان.**





**لە کاستێکی دەنگیدا کە هیومان ڕایتس وۆچ بڵاوی کردۆتەوە عەلی حەسەن مەجید دەڵێت: هەموویان بەگازی کیمیاوی دەکوژم، کێن ئەوانەی ناڕەزایی دەردەبڕن؟ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی؟ بڕۆن بۆ دۆزەخ. کردەی جینوساید کۆن نابێت بۆیە ئەوەی بەشداریی لە ئەنجامدانی دەکات هەموو کات ئامادەیە بۆ لێپرسینەوە و سزادان**

گێلییەتی و دۆگمایەتی دابنێین و بە جۆرئەتەوە بدوێین.

هەڵەبجە لە هزری هەمووماندا وێنەیەکی مەرگەساتی وای دروستکردووە کە بەزەیمان پێدا بێتەوە، دروست لەو پیاوە نەخۆشە دەچێت کەلەسەرە مەرگدایە و لەبری نەشتەرگەری فرمێسکی بۆ دەڕێژین.

ئێمە بە وێنەی هەڵەبجە هیچ سوودێک نە بەزیندووەکانی و نە بە مردووەکانی ناگەیەنین، پێویستە بێڕەحمانە ئەو پیاوە نەخۆشە بەرەو ژووری نەشتەرگەری بەرین، بەرلەوەی بمرێت ڕزگاری بکەین.

قسەکانی ئەکرەم لێرەدا تەواو بوون، گرنگ ئەوەیە پڕۆژەی داهاتوومان چییە بۆ ڕێگرتن لە مەرگی ئەو هەموو هەڵەبجەییە، ئایا دەکرێت ڕووبارێک حەسرەت و وێرانی ڕێگا بکات و کەسێک ئاراستەکەی نەگۆڕێت؟ ئەوەش چانسێکی گەورەیە بۆ هەر یەکێک بیەوێت ئاراستەی ئەو شکست و نائارامی و دروشمە بگۆڕێت بۆ پڕۆسەیەکی پراکتیکی، ئەمە



نەخۆشییەکی سەختە، نەخۆشیی سەختیش پزیشکی کارامەی دەوێت!!

## دادگای لاهای و دادگای بەغدا

لەکاتی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا تاکە بەڵگەیەک کە ئەمەرکیا بۆ شەرعییەت دان بە قسەکانی لەبەرامبەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بۆ تاوانبارکردنی سەدام بە هەبوونی چەکی کۆمەڵکوژ ڕاستەوخۆ قوربانیانی هەڵەبجەی باسدەکرد، لەسەر ئاستی ناوخۆش لە عێراقدا و ئەوانەی ئەمڕۆ لەسەر حوکمن هەمیشە لەناوەندە نێودەوڵەتیەیکاندا باسی هەڵەبجەیان دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ ئەوە پێچەوانە بووەتەوە، دەیان دانیشتنی دادگا و سەدان شاهید و هەروا هۆریایەکی گەورەی ڕاگەیاندن بۆ دادگایی سەدام و سەرانی ڕژێمەکەی کرا لەسەر تاوانی (دوجەیل) کە نزیکەی ١٤٨ کەس بوونەتە قوربانی، بەڵام بە ئەمڕۆشەوە کە یادی ١٨ ساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجەیە تا ئێستا نەک ئەو دۆسیەیە باسی نەکراوە بگرە دەنگۆی ئەوەشی هەیە کە دۆسیەی لەو جۆرە نەبرێتە دادگاوە.

لە بەرامبەر ئەوەدا پاش زانیاری کۆکردنەوە لەسەر یەکێک لەو بازرگانە هۆڵەندیانەی کە هاوکاریی ڕژێمی سەدامی کردووە بەدابینکردنی چەکی کۆکوژ، لە دادگای لاهای لە نێوان مانگی ١١ و ١٢ی ساڵی ٢٠٠٥دا فرانس ڤان ئانرات بە ١٥ ساڵ زیندانی سزا درا.

ئانرات بە تۆمەتبارە بەشداریکردن لە جینۆسایدی گەلی کورددا لەعێراق چونکە ئەو مادده کیمیایانەی گەیاندوویەتە عێراق بۆ چەکی کۆکوژ بەکارهاتوون لەلایەن سەدام حوسێنەوە لە دژی گەلی کورد. ئانرات لە هەشتاکانی ڕابردوودا ٥٣٨ تەن thiodigilycol بە ڕژێمی سەدام گەیاندووە کە ئەم مادەیە تێکەڵی zoutzuur کراوە بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی لە دوی کارەساتی هەڵەبجەوە لەکاتێکدا ئێستا سەدامی ئەنجامدەری ئەو تاوانەش لە زیندانیە، کەچی فرانس ڤان ئانراتی هۆڵەندی یەکەمین کەسە بە تۆمەتی هاوکاریکردن لەو تاوانەدا لە جیهادا ڕووبەڕووی دادگا دەبێتەوە لە وڵاتەکەی خۆیدا، سەیر لەوەدایە ئەنجامدەری ڕاستەوخۆی تاوانەکە کە سەدام و داروودەستەکەین و لەسەرووی هەمووشیانەوە عەلی کیمیاییە تا ئێستا لە سەر دۆسیەی ئەو تاوانەی هەڵەبجە پرسیارێکیان لێنەکراوە، لەکاتێکدا بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی chak کە لە ڕۆژنامەی زەمانەوە وەریگرتووە ئەو دادگایە وتەی ئەو کەسانەی لە کارەساتی هەڵەبجەدا ڕزگاربوون لەگەڵ دان پێدانانەکانی فرانس ڤان ئانرات و کۆمەڵێک بەڵگەی تری ڕەوانەی بەغدا کردووە وەک کێسێک بۆ دادگایی سەدام حوسێن و داروودەستەکەی.

ئەمە وێڕای بڵاوکردنەوەی چەندین بەڵگەنامە لەلایەن ڕێکخراوی



فرانس ڤان ئانرات



(هیومان رایتس وۆچ) ە کە تێیدا دەنگ و ڕەنگ و نامەی دەستنووسی سەرانی ئەو ڕۆژمەی تێدایە لەسەر ئەو تاوانە کە لەنێوانیاندا کاسێتێکی دەنگی عەلی حەسەن مەجیدە کە دەڵێت: هەموویان بە گازی کیمیاوی دەکوژم (مەبەستی کوردە) کێن ئەوانەی نارەزایی دەردەبڕن؟ کۆمەڵەی نێودەوڵەتی؟ بڕۆن بۆ دۆزەخ.

لەسەر ئاستی جیهانیدا و بە هەوڵ و ماندووبوونی ڕەوەندی کوردی لە دەرەوە و ناوەندی هەڵەبجە لە دژی ئەنفال و جینۆساید توانرا هەڵەبجە و کارەساتەکەی دادگای لاهای بهەژنێت بەڵام لە ناو عێراقدا کارەساتی (دوجەیل) دادگای هەژاند!!

لەنێو دادگای لاهایدا خاتوو (زێخ فێلمد) پارێزەری قوربانیان و ناوەندی چاک لەبەردەم دادگادا گوتی: کورد جینۆساید کراوە، نیشتمانەکەی دابەشکراوە، مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە.

لەوەش سەیرتر لە نێو ئەو دادگایەدا و پاش نمایشکردنی فیلمی دیکۆمێنتی و شایەدەکان و ئەو تاوانانەی ڕووبەڕووی ئانرات کرانەوە کەچی ئانرات لەنێو دادگادا ڕایگەیاند کە زۆربەی کاتەکانی لە کوردستاندا بەسەر بردووە چونکە جوانترین ناوچەی عێراق بووە!!

## پەندەکانی هەڵەبجە

ئەم ناوونیشانە قسەی من نییە، وتارێکە کریستین کوزدن ی پزیشک و مایک ئەمیتای بەڕێوەبەری ڕاپەڕاندنی پەیمانگای کوردییە لە واشنتۆن کە لە ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست) دا بڵاویان کردووەتەوە، لەو بابەتەدا دەڵێت: ترسناکترین مەترسی ئەوەیە کە هۆکاری ئەو گازانە لەوانەیە شێت بوون و لەناوبردنی توخم و منداڵ نەبوون و شێرپەنجەی لێبکەوێتەوە.

ئەمە بیروڕای پسپۆڕێکی ئەمەریکییە بەڵام لەئاستی عێراقدا چۆن بیر لەو مەسەلەیە دەکرێتەوە؟

ئایا دابەشکردنی داهات و پۆستەکان لە عێراقدا گرنگە یان ڕێگە گرتن لە تێوەنەگلانی هەزارەها مرۆڤ بە پاشماوەکانی ئەو چەکانەوە، حکوومەتی عێراقی کێشەی کارەبا و سووتەمەنی بێ چارەسەر ناکرێت ئەی لە بواری پزیشکیدا بۆ شارێکی وەک هەڵەبجە چی پێدەکرێت؟

بەشێکی زۆری جیهان بە جۆرێک لە جۆرەکان لەو کارەساتەدا هاوکاری ڕژێمیان کرد، ئێستەش زۆریان سەردانی ئەو شارە دەکەن، بەڵام کێیان داوای لێبوردنی لەو خەڵکە کرد؟ لە پرۆسەی ئازادیی عێراقدا یەکێک لە شەرعییەتەکان ڕێگرتن بوو لە عەمبارکردنی چەکی کۆکوژ تا هەڵەبجە دووبارە نەبێتەوە، بەڵام هاوپەیمانان چ پرۆژەیەکیان بۆ هەبجە هەیە؟ لە لیستی کۆمپانیا هاوکارەکانی عێراقدا ئیتالیا بە ١٢ کۆمپانیا بەشدار بووە، لەو دیمەنانەش جوانتر ئەوەیە (جان ئەندریا برتونی) ١٤ ساڵ کە یەکەم منداڵە توانی بچێتەنەتەوە یەکگرتووەکان و داوای سەرکۆنەکردنی و ڕێگرتن لەبەکارهێنانی چەکی کیمیایی کرد لەنێو شاندە ئیتاڵیەکە دایە کە دەچنە هەڵەبجە، ئەمڕۆش برلسکۆنی نامە بۆ هەڵەبجە دەنێرێ و هاوخەمی خۆی لەو مەینەتە دەردەبڕێت، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی (ABB) ئیتالی بۆ دژایەتی کردنی چەکی کۆمەڵکوژ و جێگری سەرۆکی شارەوانییەکانی ئاشتی جیهانی کە پارساڵ هەڵەبجەش بۆیە ئەندامی ئەو شارەوانیانە لە نێو بەشداریکەرانی یادی هەڵەبجەدا دەبن، بەڵام لەسەر ئاستی خەڵکی شار جۆرە دڵشکاوییەک هەیە، ئەمەش لە خۆڕا سەرچاوەی نەگرتووە، دەبێت چ هۆکارێک وا لە مرۆڤ بکات نەیەوێت بە یادەوەرییەکانی خۆیدا بچێتەوە حەز نەکات کەس لاپەڕەکانی هەڵداتەوە؟

شارێک ئەوەندە پەندی هەبێت ئەی ئەزموون لە کێ وەگرێت؟

لە ڕاپۆرتێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکادا:

ئەم گازە کیمیاییەی لە هەڵبەجە بەکارهاتووە کاریگەری لەسەرچاو و کۆئەندامی هەناسەدان هەیە و دەبێتە هۆی هەوکردنی سییەکان و دەمارەکانی خوێن.

زانیارییەکان لەماڵپەڕی chak وەگیراوە.

**فرانس ڤان ئانرات: زۆربەی کاتەکانم لە کوردستان بەسەر بردووە، چونکە جوانترین ناوچەی عێراق بووە**